سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارێزگار و بەرپرسانی یەکەی کارگێڕییەکانی هەولێر کۆبووەوە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارێزگار و بەرپرسانی یەکەی کارگێڕییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر کۆبووەوە.

ئەمڕۆ یەکشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ماوە بۆ درێژکراوی هەرێمی کوردستان، لە دیوانی پارێزگای هەولێر لەگەڵ ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر و بەرپرسانی دیکەی یەکەی کارگێڕییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا بگۆڕی ئاگیاندراوکی پارێزگای هەولێر، دۆخ و ئاستی خزمەتگوزارییەکان، پرسەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان، بەرنامەی گەشەپێدان و چێنیەتیی بەڕێوەچوونی کار و پرۆژەکانی قەزا و ناحیەکانی سنووری پارێزگای هەولێر تاوتوێ کران، هەروەها تیشک خرایە سەر گرنگیی دابینکردنی پێداویستییەکان و چارەسەرکردنی گرفت و کەموکوورییەکان.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە ئامادەکارییەکانی پارێزگای هەولێر بۆ

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و بانگەشەی هەڵبژاردن کرا، لەوبارەیشەوە، سەرکی هەرمی کوردستان، داکەکی لە گرنگیی سەرخستنی هەڵبژاردن و بەڵێنەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن کردەوە و ئاماژەی بە ڕۆڵی لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد.